دامەزراوەی ڤیژن
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# (VFSS)


**زنجیرەی توێژینەوە و پۆلسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)**

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-004

جۆری بڵاوکراوە: پۆڵسی پەیپەر

بڵاوکەرەوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

بەرواری بڵاوکردنەوە :ئابی ٢٠٢٦


## ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان


**توێژەر:**

سارا کەمال مەعرووف



شەقامی سعید کابان بەرامبەر پارکی ئازادی ، دامەزراوەی ڤیژن،بینای ژمارە ٢٨، سلێمانی،عێراق

+964 772 330 0005 Info@vfssiq.org www.visionfoundationiq.org

زانیاری بڵاوکراوە

**ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەشی توێژینەوەکان

زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-004

جۆری بڵاوکراوە : پۆڵسی پەیپەر

زمان :کوردی (سۆرانی)

یەکەم چاپ :ئابی ٢٠٢٦

ISSN: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

www.visionfoundationiq.org

info@visionfoundationiq.org

مافی لەبەرگرتن

Copyright © 2026

Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS)

هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوەیە نابێت بەبێ مۆڵەتی پێشووی دامەزراوەی ڤیژن لەبەر بگیرێت یان بڵاو بکرێتەوە

ئاگادارکردنەوە

ئەو بۆچوون، شیکاری، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتوون تەنها بۆ نووسەر دەگەڕێنەوە و پێویست نییە ڕەنگدانەوەی فەرمی دامەزراوەی ڤیژن بن.

**شێوازی ئاماژەپێدان**

سارا (٢٠٢٦).

**ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان**

Vision Foundation Research and Policy Series (VFRPS)

VFSS-PP-2026-004
Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS). Sulaymaniyah, KRG

DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

## ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان


**پوختە**

ئەم توێژینەوە ڕامیارییە بەناونیشانی (ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان)، بەدواداچوون بۆ کاری ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دەکات. توێژینەوەیەکی چۆنیەتییە و داتا و زانیارییەکانی بە بەکارهێنانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری فۆکەس گرووپ، لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بەم بابەتە کۆکراوەتەوە و لە ڕێگەی میتۆدی شیکاری بابەتەوە (Thematic Analysis)، شیکاری بۆ زانیارییە کۆکراوەکان کراوە بە مەبەستی دیاریکردنی ڕۆڵی ناوەندەکان و ئاستەنگە سەرەکییەکان و کۆمەڵێک ڕاسپاردە بۆ چارەسەر.

زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن، کە ناوەندەکانی ڕاهێنان ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی لێهاتووی گەنجان و خوازیارانی بێکار لەڕێگای خولی جۆراوجۆرەوە بەدرێژایی (٢٢) ساڵی کارکردنیان، بەڵام سەرەڕای ئەمانە بەپێی ئامارەکانی دەستەی ئاماری هەرێم، ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان، ڕێژەی بێکاری لە هەرێم لە ساڵی (٢٠٢١) لەسەدا (١٦.٥٪) بووە. ئەو هۆکارانەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ناوەندانە، ئەوەیە کە ئەم ناوەندانە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بوونەتەوە، کە خۆیان لە لاوازی هەماهەنگی لە نێوان بەرنامەکانی ڕاهێنان و پێداویستییەکانی بازاڕی کار، نەبوونی پرۆگرامی ستاندارد، کەمیی ڕاهێنەری شارەزا، سنووردارکردن لەڕێگای ڕێنماییەکانەوە، کەمی میکانیزمی بەدواداچوون بۆ دوای تەواوکردنی ڕاهێنانەکان، سنوورداربوونی هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دیکە، تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان بۆ خوێندنی پیشەیی و دەستڕاگەیشتنێکی نایەکسان بە دەرفەتەکانی ڕاهێنان دەبیننەوە. لە کاتێکدا چاکسازی لەم سیستمەدا نەکرێت، کەرتی تایبەت پشتبەستنی بە هێزی کاری بیانی بەردەوام دەکات و گەنجانی هەرێم لە دەرفەتە ئابورییەکان بێبەش دەبن.

توێژینەوەکە بەو ئەنجامە دەگات، لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕاهێنانە پیشەییەکان ڕێگایەکی گرنگی بەدەستهێنانی لێهاتووی و دەستکەوتنی کارن لە بوارێکی دیاریکراودا، هەربۆیە لە هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە پەرەپێدان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش نەخشەڕێگای کردەیی بۆ بڕیاردەران دەخاتە ڕوو. لەوانە پێداچوونەوە بە ڕێنماییە کارگێڕییەکان، دانانی پرۆگرامێکی یەکگرتووی ڕاهێنان و هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای لێهاتوویی و هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، دروستکردنی میکانزمی بەدواداچوونی دەرچووان. جێبەجێکردنی ئەم

چاکسازییانە بەفیرۆدانی خەرجی دابینکراو بۆ ڕاهێنانەکان کەم دەکاتەوە و ئاستی ڕەزامەندیی کەرتی تایبەت بە دەرچووی ڕاهێنانەکان بەرز دەکاتەوە، لەگەڵیدا ڕێژەی دەستکەوتنی هەلی کار و دامەزراندنی کاری دەرچووانی ناوەندەکان دوای تەواوکردنی خولەکان بەرز دەکاتەوە.

**١. پێشەکی**

زیادبوونی ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجاندا، کەمی لێهاتوویی کرداری و گۆڕانکاری خێرای تەکنەلۆژیا، پێویستی بوونی پەروەردە و ڕاهێنانە پیشەییەکانی وەک ناوەندێک بۆ پەرەپێدانی هێزی کار و زیادکردنی لێهاتوویی کرداریی تاکەکان زیاد کردووە، بەجۆرێک بتوانن وەڵامی پێداویستییەکانی بازاڕی کار بدەنەوە. پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی بریتییە لەو پەروەردە و ڕاهێنانە سەرەتایی و بەردەوامانەی لەلایەن قوتابخانەکان، سەنتەرەکانی ڕاهێنان یان ڕێکخراوەکانەوە پێشکەش دەکرێت، مەبەست لێی بەخشینی ئەو لێهاتوویی و زانیاری و هەڵوێستانەیە کە پێویستن بۆ کارکردن یان دامەزراندنی پیشەیەکی دیاریکراو، یان کۆمەڵێک پیشەی پەیوەندیدار، لە هەر بوارێکی چالاکیی ئابوریدا (ILO, 2022). ئەم ڕاهێنانانە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێن لە بەهێزکردنی سەرمایەی مرۆیی و باشترکردنی توانای ئەو فێرخوازانەی بەشداری تیادا دەکەن، بەم جۆرە پشتگیری لە گەشەپێدانی ئابوری دەکات لەڕێگەی دابینکردنی کارامەیی بۆ تاکەکان بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی بازاڕی کار.

لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بوونی ڕێژەی (١٦.٥٪) بێکاری لەناو گەنجاندا کە نیشانەی کەلێنی نێوان لێهاتوویی بەدەستهاتوو و پێداویستییەکانی بازاڕی کارە، هەروەها گەڕانەوەی بە ویست و بێ ویستی هاونیشتیمان لە دەرەوەی وڵات و هەبوونی ئاوارەکان، پێویستی و گرنگی گەشەپێدانی ئەم ڕاهێنانانە و چاکسازی کردن تیایاندا بۆ پەرەپێدانی کارامەیی و دەستخستنی هەل و هێزی کار زیادی کردووە. سەرەڕای ڕۆڵی گرنگی ئەم ناوەندانە، هێشتا کاریگەرییان پەیوەستە بە توانای وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بازاڕی کار و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوریی و تەکنەلۆژییەکان. هەربۆیە زانینی ئەو ئاستەنگانەی دەچنە بەردەم کاری ئەم ناوەندانەی ڕاهێنانی پیشەیی پێویستە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن دەتوانرێت ئەم دامەزراوانە بەهێز بکرێن و بەشدارییەکی کاریگەرتر لە دامەزراندنی کار بۆ تاکەکان و گەشەپێدانی ئابوریدا بکەن.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لە دۆخی ئێستای ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان و ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر بەشداریکردنی لە بەهێزکردنی بازاڕی کاردا هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دوو پرسیاری سەرەکی دەکات، ئەوانیش ئەو ئاستەنگە پێکهاتەیی و کارگێڕییانە چیین کە کاریگەریی ناوەندەکانی ڕاهێنانی

پیشـــەییان لە هەرێمی کوردســـتان کەم کردووەتەوە و چ ڕێکارێکی ڕامیاری دەکرێت لەلایەن حکومەتەوە جێبەجێ بکرێت بۆ یەکخستنەوەی سیستمی ڕاهێنان لەگەڵ پێداویستییەکانی کەرتی تایبەت و بازاڕی کاردا تاکو لە داهاتوودا ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە بەهێزکردنی بازاڕی کار. توێژینەوەکە لەسـەر بنەمای زانیارییەکانی گفتوگۆی فۆکەس گرووپی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک نوێنەرانی ناوەند و ســـەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشـــەیی، بەڕێوەبەرایەتییەکانی کەرتی گشـــتی، زانکۆکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێودەوڵەتییە. لە ڕێگەی شـــیکردنەوەی دیدگای ئەم لایەنە پەیوەندیدار و بەرپرســانەوە، توێژینەوەکە هەوڵدەدات ڕاســپاردە بۆ باشـترکردنی کاریگەری  و ئاراســتەی داهاتووی ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بە حکومەت بکات.

## ٢. میتۆدۆلۆژیا

### ٢.١. ڕێبازی توێژینەوەکە و سەرچاوەی داتاکان

ئەم توێژینەوە ڕامیارییە ڕێبازێکی چۆنییەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاســـتەنگەکانی ئێســـتا و ئاراســـتەکانی داهاتووی ڕاهێنانی پیشـەیی لە هەرێمی کوردسـتان دەگرێتەبەر. توێژینەوە چۆنیەتییەکان زانیاری ناژمارەیی لەسـەر چۆنیەتی ژیان و بیرکردنەوە و وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ دۆخێکی تایبەت کۆدەکەنەوە، بە مەبەسـتی تێگەیشـتن لە ئەزموون، ڕەفتار، بیروباوەڕ، هەڵوێست و پاڵنەرەکانی تاکەکان. بە شێوەیەکی گشتیش بریتییە لە چاودێریکردن و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن یان گفتوگۆی فۆکەس گروپ لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکەدا (Oranga and Matere, 2023). هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ڕێبازە لەم توێژینەوەیەدا، ئەوەیە کە ڕێگە بە تێگەیشتن دەدات لە ئەزموون، دیدگا و پێشنیازەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە کارەکانی ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و پەرەپێدانی بازاڕی کار.

بە مەبەسـتی دەسـتەبەرکردنی بڕواپێکراوی و زانسـتیبوونی ئەنجامەکان، توێژینەوەکە پشـتی بە چەند جۆرێک لە داتای ســـەرەکی بەســـتووە، ئەوانیش: ڕێنمایییە کارگێڕییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئامار و ڕاپۆرتە فەرمییەکانی دەسـتەی ئاماری هەرێمی کوردسـتان. داتا ڕەسـمییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پیشـەیی پەیوەسـت بە ژمارەی ناوەندەکان، خولەکان، ژمارەی دەرچووان بەپێی ڕەگەز. تێڕوانین و ئەزموونی بەشـداربووانی فۆکەس گرووپەکە سەبارەت بە ئاستەنگ و چارەسەرەکان.

### ٢.٢. نموونەی توێژینەوەکە

نموونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (٢٥) بەشداربووی فۆکەس گرووپ، کە بە جۆری نموونەی نائەگەری مەبەستدار (Purposive Sampling) هەڵبژێردراون، هۆکاری بەکارهێنانی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی بەدەستهێنانی زانیاریی قووڵ و شارەزایی لەو دەستەبژێرەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە کاری ناوەندەکانی ڕاهێنان و بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان. بۆ بینینی وردەکاری نموونەی توێژینەوە بەشداربووەکە لە ڕووی ژمارە و دامەزراوە و پلەی کارکردنییان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

**٢.٣. شیکاری داتا و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری**

زانیارییە کۆکراوەکان بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاری بابەت (Thematic Analysis) شیکرانەوە. تێبینییەکانی کاتی گفتوگۆکە پێداچوونەوەیان بۆ کرا و کۆدکران بۆ کۆمەڵێک بیرورا پەیوەست بە ئاستەنگەکانی بەردەم ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاسپاردەکان بۆ باشترکردنی کاری ناوەندەکانی ڕاهێنان لە داهاتوودا.

ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتا لە توێژینەوەکەدا بریتییە لە گفتوگۆی فۆکەس گرووپ. فۆکەس گروپ بریتییە لە کۆکردنەوەی تاکەکان لە پاشخان یان ئەزموونی هاوشێوە بۆ گفتوگۆکردن و کۆکردنەوەی زانیاری قووڵ لەسەر بابەتێکی دیاریکراو. توێژەر تیایدا چاودێر دەبێت بۆ تێبینیکردن و هاوبەشیکردنی ئەزموونی لێتوێژراوان ( Oranga and Matere, 2023). گفتووگۆکە لەلایەن دامەزراوەی ڤیژن لە (٨)ی تەمووزی (٢٠٢٦) ڕێکخرا و بەڕێوەبرا وەک بەشێک لە بەرنامەی (چاوی کراوە)ی دامەزراوەکە، لەژێر ناونیشانی (ئایندەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەهێزکردنی بازاڕی کار). گفتوگۆکە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند و بەجۆرێک بوو بەشداربووان بتوانن لە ڕوانگەی جیاوازی دامەزراوەیی، ئەکادیمی، پەروەردەیی و بازاڕی کارەوە پرسەکانی ڕاهێنانی پیشەیی تاوتوێ بکەن.

پرسیارە بنەڕەتییەکانی دانیشتنەکە لە سێ تەوەری سەرەکی پێکهات:

١. ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی تا چەند توانیویانە پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە ڕابردوودا پڕ بکەنەوە؟

٢. کەرتی تایبەت بەدوای چ کارامەییەکدا دەگەڕێت و ئاستەنگەکانی دەرچووانی ئەم ڕاهێنانانە بۆ دەستکەوتنی کار چیین؟

٣. چ ڕێکارێک دەبێت لەلایەن حکومەتەوە بگیرێتەبەر بۆ باشترکردنی کاری ناوەندەکان؟

تەواوی گفتوگۆکان تۆمارکران، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینییە مەیدانییەکان لە لایەن توێژەرەوە بە درێژایی دانیشتنەکە تۆماردەکران.

### ٢.٤. هەنگاوەکانی شیکاریی بابەت و ڕەچاوکردنی تێربوونی داتا

شـیکارکردنی زانیارییەکان بەپێی مۆدێلی پێنج هەنگاوی کۆدکردن (Five-step Thematic Analysis Protocol) ئەنجامدراوە، کە شێوازێکی شیکردنەوەی داتای چۆنێتییە بۆ دەستنیشانکردنی تەوەرەکان (Themes)، بەم جۆرە:

١. گواستنەوەی دەقی تۆمارە دەنگییەکان بۆ دەقی نووسراو و چەندین جار خوێندنەوەیان.

٢. دابەشکردنی ڕستە و دەستەواژەکانی بەشداربووان بۆ کۆدی سەرەتایی جیاواز.

٣. کۆکردنەوەی کۆدە هاوشێوەکان لەژێر تەوەرە سەرەکییەکاندا (وەک یەک بە یەکی ئاستەنگەکان).

٤. پێداچوونەوە و بەراوردکردنەوەی تەوەرەکان لەگەڵ داتای ڕاســـتەقینەی تۆمارکراو بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاســـتی نوێنەرایەتیکردنی دەقەکان.

٥. دەستنیشانکردنی کۆتایی تەوەرە سەرەکی و لاوەکییەکان.

ســەبارەت بە تێربوونی داتا (Data Saturation)، لە دوای کاتژمێر و نیوێک لە گفتووگۆکە، توێژەر گەیشــتە قۆناغی تێربوونی تیۆری، بەو مانایەی هیچ کۆد یان بابەتێکی نوێ لە قســەکردنی بەشــداربووانەوە دەرنەکەوت و زانیاریی و وتەکان دەستیان کردەوە بە دووبارە بوونەوە، کە ئەمەش نیشانەی تێربوونی داتایە.

### ٢.٥. سنوورەکانی توێژینەوەکە

ســەرەڕای گرنگی زانیارییە کۆکراوەکان، پێویســتە بڕیاردەران لە کاتی بەکارهێنانی ڕاســپاردەکاندا ڕەچاوی ئەوە بکەن، ئەم توێژینەوەیە ســنووردارێتی لە گشــتاندندا هەیە، بە مانای ئەوەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەســەر بنەمای تێڕوانینی دەســتەیەکی دیاریکراوی پســپۆڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەســت بەم پرســە دامەزراوە کە لە فۆکەس گرووپەکەدا بەشــداربوون. بەهۆی ســنووردارێتی قەبارەی نموونەکەوە، ناکرێت دەرئەنجامە چۆنییەتییەکان بە شێوەیەکی تەواو بگشــتێندرێن بەســەر تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردســتاندا، بەڵکو پێویســتی بە ئەنجامدانی توێژینەوەیە بە ڕێبازی چەندێتی و میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستێکی بەرفراوانتر.

## ٣. بارودۆخی ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشــەیی لەژێر چەتری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیدا کاردەکات، لە ســاڵی (٢٠٠٤) وەک بەڕێوەبەرایەتییەکی قازانج نەویســت دامەزرا و ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزی کار و بەدەســتهێنانی

هەلی کار و  دامەزراندنی کارە. لە سـەرەتای دامەزراندنیەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەرنامەی ڕاهێنانی پیشـەیی پێشکەش بە گەنجانی بێکار و  ئاوارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و ئاوارە سوورییەکان و گەڕاوەکانی دەرەوەی وڵات کردووە.

### ٣.١. پەرەسەندنی بەڕێوەبەرایەتییەکە

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە کاتی دامەزراندنییەوە هەتا ئێسـتا، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکاندا بگونجێنێت گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ تێگەیشتن لە کارایی و گەشەی ئەم دامەزراوەیە، خشتەی (١) قۆناغەکانی پەرەسەندن و لێکەوتە کارگێڕییەکانی دەخاتە ڕوو:

**خشتەی (١): قۆناغەکانی پەرەسەندنی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاهێنانی پیشەیی**

| ساڵ | دەستکەوت و گەشەکردن |
|---|---|
| ٢٠٠٤ - ٢٠١٠ | سەرەتای دروستبوون و بوونی تەنها (٢) وەرشەی (کۆمپیوتەر و دروومان) |
| ٢٠١٠ - ٢٠١٢ | بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی KOICAی کۆری و دابینکردنی پێداویسـتی کارگێڕی (٦) وەرشەی دیکە کرانەوە و ژمارەی وەرشەکان بوونە (٨) وەرشە. |
| ٢٠١٣ - ٢٠١٥ | جیاکردنەوەی بەکارخستن و تەنها مانەوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی |
| ٢٠١٦ - ئێستا | فراوانبوونی وەرشەکان بۆ (٢٥) وەرشەی کرداری |

سـەرەڕای ئەوەی ژمارەی وەرشـە کردارییەکان گەشـەی کردووە لە (٢) وەرشـەوە بۆ (٢٥) وەرشـە، بەڵام داتاکانی ناو گفتووگۆکە ئەوەی دەرخسـت کە ئەم گەشـەیە بەهەمان ئاسـت کاریگەری ئەرێنی لەسـەر دەرئەنجامەکانی بەکارخستنی دەرچووان نەبووە. بە چەند هۆکارێک، ئەوانیش بریتیین لەوەی زیادکردنی وەرشەکان لەسەر بنەمای نەخشـەی خواسـت و ویسـتی کەرتی تایبەت نەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی دەرچوونی فێرخواز لە خولی پیشـە تەقلیدییەکاندا، لەکاتێکدا بازاڕی کار پێویسـتی بە لێهاتوویی نوێ هەیە. هۆکارێکی دیکە فراوانبوونی وەرشـەکانە

بەبێ دابینکردنی ڕاهێنەری نوێ (کە لە درێژەی توێژینەوەکەدا بە وردی باســـی لێدەکەین)، ئەمەش کـاریگەریی نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر کوالیتی ڕاهێنانەکان و توانای وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی کەرتی تایبەت هەبووە.

**٣.٢. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری**

لە ئێســـتـادا بەڕێوەبەرایەتییەکە خـاوەنی (٢٥) وەرشـــەی کردارییە کە بریتیین لە (کۆمپیوتەر، درومـان، چنین، بیناسازی، وێنەی ئەندازەیی، ئاو و ئاوەڕۆ، شۆفاژ، کارەبا، سۆلار، دەلاکی، ئارایشتگا، بازاڕگەری، چاککردنی ئۆتۆمبێل، چاککردنی مۆبایل، دانانی کامێرای چاودێری مالان، دادەی باخچەکان، بەڕێوەبردنی بۆنەکان، دارتاشـــی، دیکۆرات، دروستکردنی شیرینی...هتد). لەناو هەریەک لەو خولە پیشەییانەشدا خولی تایبەت هەیە بۆ گەشەپێدانی پیشەیی گشـتگیر کە فێرخوازان فێری چەند بابەتێک دەکات وەک، کارامەیی ژیان، پرۆفایلینگ، ئاکاری پیشـەیی، سـەلامەتی لەکاتی کارکردندا، دەستەبەری کۆمەڵایەتی (بە واتای ئەوەی مافی خۆی بزانێ و ئەو کاتەشی بوو بە خاوەن کار مافی کرێکار بزانێت). ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە لە ســاڵی (٢٠٠٤)ەوە هەتاکو مانگی (٦)ی ســاڵی (٢٠٢٦)، (٣٠٤) خول پێشکەش کراوە، ژمارەی فێرخوازانی نێر (١٧٥٨) بووە و مێ (٢٨٨٣) بووە، کە کۆی گشتی دەکاتە (٤٦٤١) فێرخواز.

پێشـــتر تەنها بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشـــەیی هەبوو، ئەویش تەنها خزمەتگوزاریەکانی لە ســـنووری شـــاری سـلێمانیدا بوو، هەربۆیە دوای چەندین گفتوگۆ چوار بنکەی دیکە دروسـتکران، کە سـەرەتا سـەنتەر بوون و دواتر ئەوانیش بوونە بەڕێوەبەرایەتی. لەوانەش بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پیشـــەیی گەرمیان، ڕاهێنانی پیشـــەیی هەڵەبجە، ڕاهێنانی پیشـــەیی ڕاپەڕین و ســـەنتەری ڕاهێنانی پیشـــەیی چەمچەماڵ. کە وەک لە مادەی یەکەمی ڕێنمـایی ژمـارە (٤)ی ســـاڵی ٢٠١٣ ئـامـاژەی بۆدەکـات، "کـاری ئەم ســـەنتەرانە بریتییە لە پێگەیـانـدن و ڕاهێنـانی هاوڵاتییان لەڕووی هونەرییەوە بۆ شـارەزابوون لە یەکێک لە پیشـەکان وە یان بەرزکردنەوەی ئاسـتی پیشـەییان." بە هەمـان شـــێوە بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنـانی بەردەوامی توانـاکـانیش، بەڕێوەبەرایەتییەکە ســـەنتەرە تـایبەتەکـان دەهێنێتە ناو کارەکانییەوە بۆ زیادکردنی توانا، لە نموونەی (سـەنتەری هۆشـیاری کرێکاران، سـاڤی، هاندان و CIS و چەندانی تر).

### ٣.٣. پێوەرەکان و پرۆسەی وەرگرتن

کەسی خوازیار پێویستە فەرمانبەر و موچەخۆر نەبێت و بێکار بێت. تەمەنی (١٨ بۆ ٣٥ساڵ) بێت (لە زۆر باردا هەتا ٣٨ ساڵ وەرگیراوە). دانیشتووی ئەو سنوورە بێت کە ڕاهێنانەکەی لێوەردەگرێت، هەروەها خولەکان دەبێت (٤٥) ڕۆژی بن بۆ ئەوەی بڕوانامە بە فێرخواز ببەخشرێت.

پرۆسەی وەرگرتنی خوێندکاران ڕێڕەوێکی یەک لە دوای یەک پەیڕەو دەکات، بەجۆرێک کەسەکە سەرەتا بە ئۆنلاین خۆی تۆمار دەکات، ئەگەر بە ئۆنلاین نەیکرد، ئەوا سەردانی بەڕێوەبەرایەتی دەکات و لە (بەشی فێرخوازان) خۆی تۆمار دەکات. دواتر چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت، کەسی شیاو بۆ پیشەی شیاو وەردەگیرێت. دواتر فێرخواز لە خولی شیاودا دەست دەکات بە خوێندنی وانەکانی، لەگەڵ وانە سەرەکییەکانیشیدا لە هەر بوارێکدا بێت فێرخواز کۆمەڵێک وانەی تری پێدەدرێت لەبارەی، کارامەیی ژیان و سەلامەتی پیشەیی، ئاکاری پیشەیی، چۆنیەتی دروستکردنی سیڤی، ستراتیجیەتی کار، چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دارایی پرۆژەکەی خۆی. دواتر سەردانی مەیدانی هەیە بۆ ئەو جێگایانەی پێویستە بەپێی وەرشەکە بۆ بینینی کارەکان بە ڕاستەوخۆ.

بەپێی زانیارییە کارگێڕییەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕێڕەوێکی بەدواداچوونی مەیدانیی هەیە کە توانیویەتی ناونیشان و زانیاریی (٥٠٠) دەرچوو کۆبکاتەوە کە لە ئێستادا یان خاوەنی کاری سەربەخۆیی خۆیانن یان لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن. لەلایەن لیژنەوە سەردانیان دەکرێت و چاوپێکەوتنییان لەگەڵدا دەکرێت و چیرۆکی خۆیان باس دەکەن، کە چۆن کاریان دەست کەوتووە و تا چەند سوودیان لە ڕاهێنانەکان وەرگرتووە. ڕێژەی نزیکەی (٥٠٠) کەس کە کاری دەستکەوتووە یاخود بووەتە خاوەنی کاری خۆی، لە کۆی (٤٦٤١) دەرچوو، نوێنەرایەتی تەنها (١٠،٧٪)ی کۆی دەرچووانی ناوەندەکان دەکات، ئەمەش نیشانی دەدات کە ڕێژەی ڕاستەقینەی بەکارخستنی دەرچووان لە (١١٪) تێنەپەڕیوە، کە ڕێژەیەکی نزمە و پێویستی بە چاکسازیی بنەڕەتی هەیە. لە هەمان کاتدا ناوەندەکە بەدواداچوونی بۆ (٨٩٪) فێرخوازە دەرچووەکانی دیکە نییە، کە ئایا کار دەکەن یاخود نا و ئەمەش بەهۆی نەبوونی سیستەمی بەدواداچوونی دیجیتاڵیی بەردەوامەوەیە.

**٤. ئاستەنگە سەرەکییەکان**

شــیکاری گفتوگۆی فۆکەس گرووپەکە چەندین ئاســتەنگی دەرخســت، کە کاریگەرییان لەســەر ڕۆڵی ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشـــەیی هەیە. ئەم ئاســـتەنگانە تەنها لە توانای دامەزراوەییدا ســـنووردار نین، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک پرسـی فراوانی پەیوەسـت بە یەکخسـتنی بازاڕی کار، سـیاسـەتی پەروەردە، تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی ئابورییین. ئەم ئاستەنگانە کۆدکراون لەژێر چەند تەوەرێکدا و بەم جۆرە دەخرێنەڕوو:

**٤.١. نەبوونی هەماهەنگی و پلان لە نێوان بوارەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و پێداویستییەکانی بازاڕی کار**

یەکێک لە ئاسـتەنگەکان، ناتەبایی نێوان بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشـەیی و پێداویسـتییەکانی بازاڕی کارە. لەکاتێکدا دەبێت سـیسـتمی پەروەردە و ڕاهێنانەکان بە گشـتی لەگەڵ پێداویسـتییەکانی بازاڕی کاردا هاوتەریب بن و تاکەکان کارامەییەکانیانی لێوە بەدەسـتبهێنن بۆ ئەوەی دواتر بە درێژایی ژیانی کارکردنیان سـوودی لێببینن (OECD, 2021). بەشداربووان جەختیان لەوە کردەوە، لە کاتێکدا ڕاهێنانی پیشـەیی ئامانجی ئامادەکردنی تاکەکانە بۆ بەدەستهێنانی کار، بەڵام هەڵبژاردن و دانانی بوارەکانی ڕاهێنان لەسـەر بنەمای هەڵسـەنگاندنێکی سـیسـتماتیک بۆ داواکارییەکانی بازاڕی کار نییە. بە نموونە لەگەڵ کەمی هەلی کار و کەمی خواســـتی بازاڕ بۆ هەندێک لە بوارەکان، هێشـــتا ئەم بوارانە بەردەوامن لە پێشـکەشـکردنی وانەکانیان. وەک بەڕێز (باب ڕەسـوڵ) بەڕێوەبەری کۆچ و کۆچبەران ئاماژەی پێدا "دەبێت خولی دیکە بکرێتەوە، نەک تەنها خولەکانی وەک دورمان و ئارایشتگا، بەڵکو شتی دیکەی سەردەمییانە و ئەوەی بازاڕ پێویستییەتی."

زۆربەی بەشـداربووان جەختیان لەوە کردەوە ،کە پێویسـته پێداویسـتییەکانی بازاڕی کار ببنە پێوەری سـەرەکی بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە کام خولی پیشـەیی پێشـکەش دەکرێت. ئەمەش پێویسـتی بە لێکۆڵینەوەی بەردەوامە لە بازاڕی کار، پەیوەندی بەهێزتر لەگەڵ خاوەنکارەکان و گرنگترین خاڵ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانسـتییە لەو بوارە، بۆ پێداچوونەوەی بەردەوام بە بوارەکانی ڕاهێنان و دڵنیابوون لەوەی کە دەرچووان خاوەنی ئەو لێهاتووییانەن کە پیشەسازی و بازاڕی ئەمڕۆ پێویستیانە. بەهۆی ئەوەی ئەو کاتەی سەنتەرەکانی ڕاهێنان سەربەخۆ لە داواکارییەکانی بازاڕی کار پەرەدەسـتێنن، بۆشـاییەک دروسـت دەبێت، ئەم بۆشـاییە بەشـدارە لە بێکاری دەرچووان، لە کاتێکدا خاوەنکارەکان بەردەوام گلەیی ئەوەیان هەیە، کرێکاری لێهاتوو و گونجاوییان کەمە و ئەمەش ناچاریان دەکات پشــت بە هێزی کاری بیانی ببەســتن. ئەم بۆشــاییە کە دروســت دەبێت، کاریگەری ڕاهێنانەکان کەمدەکاتەوە و متمانەی گشتی بە پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی لاواز دەکات.

واتە کێشەی ئێستا، نەبوونی سیستمی زانیاریی بازاڕی کار (Labor Market Information System) و چاودێریی لێهاتووییەکانە (Skills Observatory). بەهۆی نەبوونی ئەمەوە هیچ داتایەکی بەردەست نییە کە پێشبینیی خواستی کارامەییە نوێیەکان لە (٣ بۆ ٥) ساڵی داهاتوودا بکات و بڕیاری کردنەوەی خولەکان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی نییە، بەڵکو پشتی بە داواکاریی نەریتی یان تواناکانی پێشووی ناوەندەکان بەستووە. بەمەش ناوەندەکانی ڕاهێنان بەردەوام دەبن لە خەرجکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ ئەو کارامەییانەی کە داهاتێکی کەمی ئابوری بەدەستدەهێنن یاخود دەکرێت هیچ بەدەست نەهێنن. هەربۆیە ڕاهێنانی پیشەیی دەبێت تاکەکان ئامادە بکات نەک تەنها بۆ بازاڕی کاری ئەمڕۆ، بەڵکو بۆ ئەو پیشانەی سەرهەڵدەدەن. بەجۆرێک لێهاتووییە دیجیتاڵییەکان، بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد و ئامرازە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان دەبێت وردە وردە ببنە پێکهاتەیەکی دانەبڕاو لە پەروەردە و ڕاهێنانە پیشەییەکانی ئەمڕۆدا. بە هەمان شێوە، ڕاهێنەرانیش دەبێت لە نوێبوونەوەی بەردەوامدابن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە زانیاری و شێوازەکانی وانەوتنەوەیان هاوتەریب دەبێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرد.

### ٤.٢. نەبوونی پڕۆگرامی ستاندارد

بوونی پڕۆگرامی ستاندارد هۆکارە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی لە بواری پەروەردەدا و دڵنیایی دەدات لەوەی هەموو فێرخوازان، بەبێ گوێدانە شوێنی جوگرافی یان ناوەندی ڕاهێنانیان، هەمان زانیاری وەردەگرن و پەرە بە لێهاتوویی پیشەییان دەدەن. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزی زیاتری بڕوانامە پیشەییەکان و زیادکردنی متمانەی خاوەنکارەکان بە لێهاتووییەکانی فێرخوازە دەرچووەکانی ڕاهێنانی پیشەیی. بەڵام لە ئەمڕۆدا یەکێک لە ئاستەنگەکانی ڕاهێنانە پیشەییەکان، نەبوونی پڕۆگرامی ستانداردە لە کۆی ئەو ناوەندانەی خولەکانی ڕاهێنانی تیادا دەگوترێتەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکانی فێربوون هەیە، بەجۆرێک قورس دەبێت دڵنیابوون لەوەی کە دەرچووان خاوەنی لێهاتوویین بەبێ گوێدانە ئەوەی لە کوێ و چ ڕاهێنانێکیان وەرگرتووە. هەروەها متمانەی خاوەنکارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بڕوانامە پیشەییەکان سنووردار دەکات، بەو پێیەی پڕۆگرامێکی یەکگرتوو و هەماهەنگ بوونی نییە.

لەم نێوەندەدا، بەشداربووان نەبوونی پڕۆگرامی ستانداردیان وەک ئاستەنگێکی بەردەم ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دەستنیشان کرد. هەربۆیە لە چەند بوارێکی پیشەییدا، ڕاهێنەران بەبێ پڕۆگرامی ستاندارد، خۆیان

هەڵدەســـتن بە دانانی کەرەســـتەی فێرکاری و ناوەڕۆکی خولەکان. وەک یەکێک لە ڕاهێنەران لە بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشـــەیی ئاماژەیپێدا " دانانی پڕۆگرام ئەکرێت بۆ مامۆســـتای ڕاهێنەر باش بێت، بەڵام بۆ ســـەنتەر باش نییە، چونکە بەپێی شارەکان پڕۆگرامێکی ستاندارد بوونی نابێت." واتە لە ئێستادا ڕاهێنەرەکە خۆی، پڕۆگرامێک کە خۆی دیزاینی کردووە دایدەنێت و  لە دەرئەنجامی ئەمەشدا لێهاتوویی گۆڕاو بەدەستدێت.

**٤.٣. کەمی ڕاهێنەری شارەزا**

کاریگەرییەکانی ڕاهێنانی پیشـەیی بە شـێوەیەکی بەرچاو پەیوەسـتە بە لێهاتوویی، ئەزموون و توانای پیشـەیی ئەو ڕاهێنەرانەی کە بەرپرسیارن لە وتنەوەی خولەکان بە هەردوو شێوازی تیۆری و کرداری. بوونی ژمارەیەکی سنووورداری ڕاهێنەری شـــارەزا بۆ وتنەوەی ڕاهێنانە پیشـــەییەکان ئاســـتەنگێکی بەردەم کاری ناوەندەکانە. وەک یەکێک لە ڕاهێنەران ئاماژەی پێدا "کەمی کادری پیشەیی هەیە، (٢٥) وەرشە هەیە لە بەرانبەردا (١١) ڕاهێنەری هەیە." جەخت لەوەش کرایەوە، بوونی ئەم ژمارە سنووردارەی ڕاهێنەری شارەزا، فشار دەخاتە سەر ڕاهێنەرانی ئێستا بە نەتوانینی پێشـــکەشـــکردنی ڕێنمـایی کوالیتی بەرز، لە هەمـان کـاتـدا چـاودێری و ڕێنمـایی کرداری گونجـاو بۆ فێرخوازان کەمدەکاتەوە. هەروەها توانای ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشـەیی سـنووردار دەکات بۆ ناسـاندنی پسـپۆڕیی نوێ یان نەتوانینی وەڵامدانەوەی خێرا بۆ داواکارییە نوێیەکانی بازاڕی کار. بەهۆی دەرکەوتنی بواری نوێ و گۆڕاو بە تەکنەلۆژیا، ناوەندە پیشـــەییەکان نەک تەنها پێویســـتیان بە ڕاهێنەری زیاترە، بەڵکو پێویســـتیان بە ڕاهێنەری شـــارەزایی تایبەتمەند هەیە لەو بوارە پیشەییانەی پسپۆڕی و شارەزایی تیایاندا لە ناوخۆی هەرێم کەمە.

واتە بە گشـتی ئەو سـنوورانەی ڕووبەڕووی ڕاهێنەران دەبێتەوە، بریتیین لە کەمی ڕێژەیان و نەبوونی گەشـەپێدانی بەردەوامی پیشـــەیی، لەگەڵ ئەوەشـــدا نەبوونی بەرکەوتنی کەرتی تایبەت، واتە ڕاهێنەران تەنها لە چوارچێوەی ڕێڕەوی کارگێڕی گشتیدا کاردەکەن. ئەمەش کاریگەری دەستبەجێی لەسەر کوالیتی فێرکاری دەبێت و  دەبێتە هۆی ماندووبوونی ڕاهێنەر (Burnout)، هەروەها چاودێری ڕۆژانەی خوێندکاران سـنووردار دەکات و زانیارییەکانی ڕاهێنەر بە بەراورد بە پەرەسەندنی ستاندارد و ئامرازەکانی پیشەسازی ئەمرۆ بەسەردەچن. لە ئەنجامدا فێرخوازان هەندێک جار لەسـەر شـێوازە بەسـەرچووەکان ڕادەهێنرێن، ئەمەش وایان لێدەکات کە ئامادەکارییەکی باشـیان بۆ داواکارییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کاری مۆدێرن نەبێت.

### ٤.٤. سنووردارکردنی بەڕێوەبەرایەتی لەڕێگای ڕێنماییەکانەوە

ئەگەرچی ڕێنماییە کارگێڕییەکان بە مەبەستی دانانی پلانێکی جێگیر و ستانداردە بۆ پێشکەشکردنی کاروباری ڕاهێنانەکان، بەڵام بوونی چەندین ڕێنمایی، کە لەگەڵ واقیعە ئابورییەکانی ئێستا و بازاڕی کاردا ناگونجێت، گرفتی لەبەردەم کاری ناوەندەکانی ڕاهێنان دروست کردووە، بە نموونە بەشداران ئاماژەیان بەوەدا، کە ئامانجی بەڕێوەبەرایەتییەکە ئەوەیە گەنج لە وەهمی دامەزراندن بێتە دەرەوە، بەڵام بە (٤٥) ڕۆژ ئەمە ناکرێت، دەبێت کاتەکە درێژتر بێت کە بەپێی ڕێنمایی (٤٥) ڕۆژ دانراوە. هەر بە هەمان شێوە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی هەڵەبجە ئاماژەی بەوەدا "کۆمەڵێک ڕێنمایی هەیە کە کارەکانی سنووردار کردووە، بە نموونە خولەکان دەبێت (٤٥) ڕۆژ بێت بێئاگا لەوەی هەندێک خول کەمتر و هەندێکیان زۆرتری کات پێویستە" واتە پیشە جیاوازەکان پێویستیان بە ئاستی جیاوازی زانیاری تەکنیکی و ئەزموونی کرداری هەیە. دەتوانرێت هەندێک پیشە لە ڕێگەی ڕاهێنانی تاڕادەیەک کورت و چڕەوە کاری خۆی بکات، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێویستیان بە چەند مانگێک مەشقی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی فێرخوازان ئاستی پێویست لە لێهاتوویی بەدەست بهێنن. بۆیە جێبەجێکردنی ماوەی یەکسان بۆ هەموو بوارە پیشەییەکان ڕەنگە کوالیتی ڕاهێنان کەم بکاتەوە و توانای ناوەندەکان بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بازاڕی کار سنووردار بکات.

یاخود ڕێنماییەکی دیکەی دژ، کە ئاماژەی پێدرا بەوەی، بەپێی ڕێنمایی دەبێت کرێکاری بیانی سنووردار بکرێت، بەڵام هەندێک پیشە ڕاهێنەری نییە و دەبێت بهێنرێت، ئەمە دژیەکی دروست دەکات و کاری ناوەندەکان ئاڵۆز دەکات. سەرەڕای ئەوە، هەندێک ڕێنمایی بەبێ مەبەست دەستڕاگەیشتن بە ڕاهێنانی پیشەیی بۆ هەندێک لە تاکەکان سنووردار دەکەن، بە نموونە ڕێنمایی دیاریکردنی تەمەنی ئەو کەسانەی دەچنە خولەکانی ڕاهێنانەوە خۆی بەربەست دروست دەکات، وەک خاتوو تارا پارێزەر لە ڕێکخراوی ئاسودە ئاماژەی پێدا "خانم هەیە جیابۆتەوە، تەمەنی سەروو سی ساڵە و خوێندەواری نییە، ئەمان زۆر پێویستییان بە فێربوون و بەدەستهێنانی کار هەیە، بەڵام ڕێنماییەکان بۆ تەمەنەکە گونجاو نین." ئەمە هاوڕێکە لەگەڵ ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە سوودمەندانی سەندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان، کە یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەیە تەمەنی کەسەکە لەنێوان (١٦) بۆ (٣٥) ساڵ بێت ئەوکات قەرزی پێدەدرێت بۆ دانانی پڕۆژە، کە کەسێکی جیابووەوە یاخود گەڕاوە بۆ هەرێم دەکرێت سەروو ئەو تەمەنە بن و لە لایەک لە ڕاهێنان و لە لایەک لە وەرگرتنی قەرز بێبەش دەبن.

### ٤.٥. لاوازی میکانیزمی بەدواداچوون

یەکێکی دیکە لە ئاستەنگەکان کەمی پەیوەندییە لە نێوان ڕاهێنانە پیشەییەکە و دەرئەنجامەکەی بە دەستکەوتن یان دامەزراندی کار. بەجۆرێک وەک ئاماژەی پێدرا، تەواوکردنی خولێکی پیشەیی مەرج نییە ببێتە هۆی دەستکەوتنی کارێک یان دامەزراندنی کارەکە.

ناوەندەکانی ڕاهێنان نابێت تەنها سەرنجیان لەسەر پەرەپێدانی لێهاتووی و کارامەیی بێت، بەڵکو لەگەڵیدا دەبێت میکانیزم دابنێن بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەو کارامەییانەی بەخشیویانە لەگەڵ خواستی بازاڕی کاردا دەگونجێنێت. هەربۆیە پێویستە کاریگەری ڕاهێنانی پیشەیی بە گواستنەوەی سەرکەوتووانەی دەرچووان بۆ کارێک و تا چەند کارامەییەکانیان لە بازاڕی کاردا بەکاردەهێنرێن هەڵبسەنگێندرێت (Cedefop, 2019). زۆرێک لە دەرچووان دوای وەرگرتنی ڕاهێنانەکان هێشتاش ڕووبەڕووی کێشەی چوونە ناو بازاڕی کار و بەدەستهێنانی کار دەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە تاکەکان سەرچاوەی دارایی و پشتگیری پێویستییان نییە بۆ دامەزراندنی کار و پیشەیەکی تایبەت بە خۆیان. لە ئەنجامدا زۆرێک لە فێرخوازان ناتوانن ئەو لێهاتووییانەی کە بەدەستیان هێناوە لە کاردا بەکاری بهێننەوە بۆ بەدەستهێنانی داهات. واتە بە گشتی سەرنج خرایە سەر نەبوونی میکانیزمی بەدواداچوون بۆ چاودێریکردنی دۆخی کاری دەرچووان، ئەمەش وایکردووە هەڵسەنگاندنی کاریگەری بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لاواز بێت. لەبەرئەوەی سەرکەوتنی ڕاهێنانی پیشەیی نابێت تەنها بە ژمارەی ئەو کەسانەی کە خولی ڕاهێنانیان بینیوە دیاری بکرێت، بەڵکو بە توانای دەستەبەرکردنی هەلی کار، دامەزراندنی کار، یان بەدەستهێنانی بژێوی پێویستە بپێورێت.

### ٤.٦. هەماهەنگی سنوورداری لایەنە پەیوەندیدارەکان

ڕاهێنانی پیشەیی لە ڕێگەی تەنها هەوڵەکانی یەک دامەزراوەوە ناتوانێت ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت. بوونی کاریگەری زیاتر و بەگەڕخستنی هێزی کار، پێویستی بە هەماهەنگی هەیە لە نێوان (وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەت، کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی). بوونی ئەم جۆرە هەماهەنگییە پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار، دانانی پرۆگرامی پەیوەندیدار و گونجاو، فراوانکردنی دەرفەتەکانی ڕاهێنانی کرداری بۆ فێرخوازان و بەدەستخستنی زیاتری هەلی کار بۆ دەرچووان. بەشداربووان لاوازییان لەم خاڵەدا بە یەکێک لە ئاستەنگەکانی ناوەندەکانی ڕاهێنان بینی، بەجۆرێک ئەم هەماهەنگی و هاوکارییەی کە باس دەکرێت لەنێوان ئەم لایەنە پەیوەندیدارانە سنوورداره، ئەمەش دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی خولەکان و بەفیڕۆدانی

ســەرچاوە داراییەکان، کەمی دەرفەتی ڕاهێنانی مەیدانی بۆ فێرخوازان لە ناو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا، هەروەها ســنووردارییی دەرفەتەکانی دابینکردنی قەرزی بچووک بۆ ئەو دەرچووانەی دەیانەوێت پرۆژەی تایبەت بە خۆیان دەســتپێبکەن. بەم جۆرە کاریگەری بەرنامەکانی ڕاهێنانی پیشــەیی و بەشــداریکردنیان لە پەرەپێدانی بازاڕی کاردا کەمدەکاتەوە.

### ٤.٧. ڕوانگە نەرێنییەکان بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی پیشەیی

یەکێک لە گرفتەکانی خوێندنی پیشــەیی (ئامادەییە پیشــەییەکان) وەک بەشــێکی بەشــداربووان ئاماژەیان پێکرد ئەوەیە، کە خوێندنە پیشەییەکان زۆرجار وەک بژاردەی دووەم دادەنرێن و ئەو خوێندکارانەی بۆ ئاڕاستە دەکرێت کە لە قوتابخانەدا ئاستێکی لاوازیان هەیە و لە ڕووی ئەکادیمییەوە لاوازن. وەک (د.ئاکۆ) لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە/ پەروەردەی پیشــەیی وتی "ناو نراوە شــوێنی قوتابی لاواز (تەممەڵ)، کارمان لەســەر نەکردووە بۆ ئەوەی بینین و ڕوانگەمان بگۆڕین"، لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشــەیی هەڵەبجە ئاماژەی بە هەمان گرفت دا "ناردنی خوێندکارە ئاســت لاوازەکان بۆ ئامادەییە پیشــەســازی و بازرگانییەکان ڕوانینێکی خراپی دروستکردووە." واتە بە گشتی جەخت لەوە کرایەوە، کە ئەم وێنە نەرێنییە (ستیگما) بەدرێژایی کات لە ڕێگەی ئەم ڕوانینانەوە بەهێزتر بووە، بەم جۆرە بەهای زیاتر بە بڕوانامە ئەکادیمییەکانی وەک زانکۆ و پەیمانگا دەدرێت دوور لە بڕوانامە پیشەییەکان. ئەم ستیگمایە تەنها پرسێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێشبینیی داهات و ئاسۆی کارەوە هەیە. بەجۆرێک کۆمەڵگا بڕوانامەی ئەکادیمی (زانکۆ) بە ڕێگەی سەرەکی بۆ بەدەســتهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتی و داهاتی جێگیر بە تایبەت لە کەرتی گشــتیدا دەزانێت. لە بەرانبەردا، بڕوانامەی پیشەیی بە بڕوانامەیەکی ئاست نزم دەبەستێتەوە، کە داهاتێکی کەم بەدەست دەهێنێت و ئاسۆی کاری نادیارە.

هەندێک لە توێژینەوەکانی پێشــوو بە هەمان شــێوە ئەوە دەردەخەن، کە پەروەردەی پیشــەیی زۆرجار بەدەســت تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکــانەوە دەنــاڵێنێــت و بە کەمتر ســــەیر دەکرێــت بە بەراورد لەگەڵ پەروەردەی ئەکادیمی. هەڵبەتە ئەم تێڕوانینانەش کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی خوێندکاران هەیە و خواست لەسەر بەرنامە پیشەییەکان کەمدەکەنەوە (Aldossari, 2020).

### ٤.٨. سنووری جوگرافی بەردەم دەستڕاگەیشتن بە ڕاهێنانی پیشەیی

دووری جوگرافی تاکەکان لە ناوەندەکانی ڕاهێنان یەکێکی دیکەیە لە ئاســتەنگەکانی بەردەم کاری ناوەندەکان، کە ناتوانن بە یەکسانی خول و خزمەتگوزارییەکانیان بگەیەننە هەر کەسێک کە خوازیاری بەدەستهێنانی کارامەییەکی

هەیە، بەهۆی ئەوەی لە هەموو ناوچەکاندا سـەنتەر نییە، لە حاڵەتی هەبوونیشـدا لە جێگایەکی دووره کە ناتوانن بە ئاسـانی بگەن پێی یاخود تێچووەکەی دابین ناکرێت. بەشـداربووان تیشـکیان خسـتە سـەر ئەوەی، چڕبوونەوەی ناوەندەکانی ڕاهێنان لە شوێنە تایبەتەکاندا بەربەست بۆ ئەو تاکانە دروست دەکات کە لە ناوچە دوورەکاندا دەژین.

**٥. ڕاسپاردەکان بۆ بەرەوپێشبردنی کاری بەڕێوەبەرایەتی و بەهێزکردنی بازاڕی کار**

بە پشـتبەسـتن بەو ئاسـتەنگانەی دەسـتنیشـانکران، کۆمەڵێک ڕاسـپاردە بۆ بەهێزکردنی ڕاهێنانی پیشـەیی و باشترکردنی بەشداریکردنی لە گەشەپێدانی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێن.

**٥.١. هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان**

بەڕێوەبەرایەتی و سـەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشـەیی سـەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پێویسـتییان بە هەماهەنگی و پلاندانانی هاوبەش هەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک وەزارەتەکانی حکومەت، کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، لەڕێگای:

**یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن:** واژۆکردنی یاداشتنامە ، بەمەبەستی باسکردن لە ڕەوتی بازاڕی کار و دەستنیشانکردنی کەمیی کارامەیی لە بوارێکی دیاریکراودا و پێداچوونەوە بە بابەتەکانی ڕاهێنان.

**بەشـداریکردنی ڕاسـتەوخۆی کەرتی تایبەت:** بەو هۆیەی خاوەنکارەکان زانیاری تەواویان هەیە لەسـەر پێداویستییەکانی شوێنی کار و پێداویستییە پیشەییە نوێیەکان. بەشداریکردنیان لە پەرەپێدانی پرۆگرام، ڕاهێنانی کرداری، مەشـقکردن و هەڵسـەنگاندنی دەرئەنجامەکانی ڕاهێنان یارمەتیدەر دەبێت لەوەی، ئەو کارامەییانەی ڕاهێنانی پیشەیی دەیبەخشێت کاریگەربن و لە بازاڕی کاردا کارپێکراو بن.

**هاوبەشکردنی سەرچاوەی ئەکادیمی:** هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە وادەکات توێژینەوەی بازاڕی کار، باشترکردنی پرۆگرام، پەرەپێدانی ڕاهێنەر و داهێنان لە شێوازەکانی ڕاهێناندا ئاسانتر بکرێت. لە هەمان کاتدا هاندانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بۆ هاوکاریکردنی ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی لە ڕێگەی هاوبەشکردنی تاقیگە و هۆڵەکانی خوێندنییان، لەگەڵیدا مامۆسـتایانی شـارەزا و سـەرچاوە ئەکادیمییەکان ئاسـتی ڕاهێنانە پیشەییەکان و متمانەیان زیاتر دەکەن. لە لایەکی دیکەوە پێداچوونەوە بە پرۆگرامی زانکۆکاندا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دەرچووان شانبەشانی زانیاری تیۆری توانای کرداری بەدەست دەهێنن.

**خشتەی (٢): چوارچێوەی جێبەجێکردنی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کاتی پێویست | تێچووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| واژۆکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم، ژووری بازرگانی، دەستەی وەبەرهێنان و بەڕێوەبەرایەتی قەرزی بچووک، ڕێکخراوەکان | کورتخایەن (٦ - ١٢ مانگ) | کەم تێچوو |
| ئەنجامدانی توێژینەوە و هاوبەشکردنی سەرچاوە و تاقیگە، هاوکاری مامۆستایانی زانکۆ | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | (١ - ٢ ساڵ) | کەم تێچوو |

**٥.٢ . ڕێکخستنی بوارەکانی ڕاهێنان بەپێی پێداویستییەکانی بازاڕی کار**

یەکێک لە گرنگترین هەنگاوەکانی باشترکردنی کاریگەرییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی، دڵنیابوونە لەوەی بوارەکانی ڕاهێنان بەپێی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کار داڕێژراون. پێویستە خولەکان بتوانن وەڵامی داواکاریی و پێداویستییەکانی بازاڕی کار بدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش وەک لە پێشتردا ئاماژەی پێدرا، هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان سەنتەرەکان و خاوەنکارەکان، کەرتی تایبەت و زانکۆکان پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو بوارانەی، کە هەلی کار تیایاندا زۆرە و پێویستی بازاڕن، لە هەمان کاتدا دیاریکردنی ئەو لێهاتووییە نوێیانەی کە بۆ پیشە تازە سەرهەڵدراوەکان پێویستن. ئەم هەماهەنگییە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوەندەکانی ڕاهێنان بە بەردەوامی پێداچوونەوە بە بوارەکانیاندا بکەن و پسپۆڕییە نوێیەکانی پەیوەست بە گەشەپێدانی تەکنەلۆژیا و ژیری دەستکرد و بوارەکانی دیکەی گەشەسەندوو بناسێنن.

بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان ڕاهێنانەکان و پێداویستییەکانی بازاڕ، پێویست بە گۆڕینی ئاراستەی خولەکان دەبێت بەرەو کەرت و پیشەی لەپێشینەتر بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان، وەک ڕاهێنان بۆ دانان، کارپێکردن، و چاککردنەوەی سیستمەکانی ئاوی گەرم و سیستمی وزەی خۆر (Solar Systems) ، خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان وەک (Networking) و بازارگەریی دیجیتاڵی (Digital Marketing). پیشەسازیی چاککردنەوە و تەکنەلۆژیای مۆدێرن وەک ئۆتۆمبێلی کارەبایی و ئامێرە پیشەسازییە نوێیەکان و چاککردنەوەی ئامێرە پزیشکییەکان. هەروەها بەکارهێنانی مادده نوێیەکانی بیناسازی و سیستەمەکانی فێنککەرەوە و گەرمکەرەوەی ناوەندی و سەلامەتیی پیشەییان.

**خشتەی (٣): چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێکخستنەوەی بوارەکانی ڕاهێنان**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کاتی پێویست | تێچووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| کەمکردنەوە و نەهێشتنی خولە ناکاراکان و کردنەوەی بەشی نوێ لەو بوارانەی ئاماژەی پێدرا | بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕاهێنانی پیشەیی | وەزارەتی خوێندنی باڵا، ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، سەندیکاکان | (١ - ٢ ساڵ) | ناوەند و بەرز |

**٥.٣. دانانی پرۆگرامی وانەوتنەوەی هاوبەش**

دانانی پرۆگرامی وانەی هاوبەش بۆ بەهێزکردنی سیستمی ڕاهێنانی پیشەیی. پرۆگرامی ستاندارد دەبێت ئامانجە ڕوونەکانی فێربوون، کارامەیی تیۆری و کرداری پێویست، پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و کەمترین ئاستی لێهاتوویی بۆ هەر پسپۆڕییەکی پیشەیی دیاری بکەن. پرۆگرامی ستاندارد نایەکسانی و جیاوازی لەسەر بنەمای جوگرافی کەم دەکاتەوە، فێرخوازان هەمان لێهاتووی وەردەگرن بەبێ گوێدانە ئەو سەنتەرە یان شوێنەی کە خولەکانی تێدا تەواو دەکەن. هەروەها متمانەی خاوەنکارەکان بە بڕوانامەی پیشەیی زیاد دەکات بە زانینی ئەو لێهاتووییە ستانداردانەی، کە دەرچووان وەریانگرتووە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە شەش پرۆسەی پێکهێنەری سیستمی ڕاهێنان بوونی هەبێت و ئەوانیش بریتیین لە:

١. پێوەری پیشـەیی (Occupational Standards): بە واتای ئەو ئاسـتە کارامەیی و زانیارییە پێویسـتەی کە بازاڕی کار و خاوەنکاران لە پیشەیەکی دیاریکراودا داوای دەکەن.

٢. پڕۆگرامی خوێنـدن (Curriculum): مەبەسـت لە نـاوەڕۆکی وانە و شـێوازی فێرکـارییەتی، کە لەلایەنی پەیوەندیدارەوە دادەنرێت بۆ گەیاندنی فێرخوازان بە پێوەرە پیشەییەکان.

٣. پێداویسـتیی ڕاهێنەر :(Trainer Requirements) دانـانی مەرجی زانسـتی و ڕاهێنـانی بەردەوام (ToT) بۆ ڕاهێنەران، بۆ دڵنیابوون لە توانای وانەوتنەوەی پرۆگرامە نوێیەکە.

٤. هەڵسـەنگاندنی کرداری (Practical Assessment): هەڵسـەنگاندنی ئەم بوارە پیشـەییانە پێویسـتە لە تاقیکردنەوە تەقلیدییەکان و کاغەز و قەڵەم دوور بکەوێتەوە. بە ئاگاداربوون لەوەی خوێندنی پیشـەیی لە بنەڕەتدا دەسـتییە، پێوەرەکانی دەرچوون دەبێت پشـت بە تاقیکردنەوەی کرداری و لێهاتوویی ببەسـتێت، نەک تەنها خوێندنەوە و نوسین.

٥. بڕوانامەپێدان (Certification): بەخشـینی بەڵگەنامەیەکی فەرمیی دانپێدانراو بە دەرچووان لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە، کە لەسەر بنەمای ئاستی توانست بێت.

٦. دانپێدانانی خاوەنکاران (Employer Recognition): بەدەستهێنانی متمانەی کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی بڕوانامەی ناوەندەکانی ڕاهێنان ببنە جێگەی بایەخی ڕاستەقینە بۆ پێدانی کار بە دەرچووانی.

**خشتەی (٤): چوارچێوەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی وانەوتنەوەی هاوبەش**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کـاتـی پێویست | تـێچـووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| سـتانداردکردنی پرۆگرامەکان لەسـەر بنەمای توانسـت، هەروەها داڕشـتنی چـوارچـێـوەیەک بـۆ بـڕوانـامە پیشەییەکان | وەزارەتـی کـار و کاروباری کۆمەڵایەتی | وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێنـدنی باڵا، خاوەنکاران | (٢ - ٤ ساڵ) | ناوەند |

### ٥.٤. بەگرێبەست کردنی ڕاهێنەری شارەزا

بۆ چارەسەرکردنی کەمیی ڕاهێنەر و پڕکردنەوەی کەلێنی پسپۆڕییە نوێیەکان، ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی ناتوانن تەنها پشت بە میلاکی هەمیشەیی حکومی ببەستن. هەربۆیە پێویستە میکانیزمێکی ڕوون بۆ بەگرێبەستکردنی پسپۆڕانی کەرتی تایبەت بگرنەبەر. ئەم میکانیزمە دەرفەت بەو کەسانە دەدات کە خاوەنی بڕوانامەی ئەکادیمین یان خاوەن ئەزموونی کرداریی چەندین ساڵەن لە بازاڕی کاردا و توانای گواستنەوەی زانیارییان هەیە بۆ فێرخوازان. بەجۆرێک سەرچاوەی دابینکردنی موچەی ڕاهێنەرەکە هاوبەشی بێت لەنێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا. گرێبەستی ماوەکورت لەگەڵ ڕاهێنەرەکاندا بکرێت بەپێی کاتژمێر یان مۆدیۆلی ڕاهێنان و کەمکردنەوەی باری دارایی هەمیشەیی بۆ سەر حکومەت.

سەبارەت بەو مەرجانەشی کە پێویستە لە ڕاهێنەرەکاندا هەبێت، بە گشتی پێویستە کەسەکە خاوەنی بڕوانامەی پەیمانگا، زانکۆ یان بەرزتر بێت لە پسپۆڕییەکەدا و لانیکەم (٣) ساڵ ئەزموونی کرداریی هەبێت. بۆ ئەو وەستا و تەکنیککارانەشی بڕوانامەیان نییە، لانیکەم (٥) ساڵ ئەزموونییان هەبێت و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کارامەییی کرداری بکرێتە مەرج. هەڵبەت لەگەڵ ئەمانەدا دوای وەرگرتن و بوونی مەرجەکان تیایدا، بەشداریکردنی کەسەکە لە خولی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، بە مەبەستی گەیاندنی ئەو زانیاریی و ئەزموونانەی هەیەتی بە شێوازێکی گونجاو بە فێرخوازان. ڤگە لەوەش گەشەپێدانی پیشەیی بەردەوام دەبێت ببێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ ڕاهێنەرانی پیشەیی. گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا و هێنانە ناوەوەی ژیری دەستکرد بۆ پیشە جیاوازەکان پێویستی بەوە هەیە، کە ڕاهێنەران ساڵانە ڕاهێنانی نوێگەری (Refresher Training) ببینن بۆ نوێکردنەوەی زانیاری و شێوازەکانی وانەوتنەوەیان. لەدوای وتنەوەی وانەش هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی کارکردنی ڕاهێنەران بکرێت لەڕێگای ئەنجامدانی فیدباکی فێرخوازان و سەردانی مەیدانیی لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە. بە گرتنەبەری ئەم ڕێگایانەی زیادکردنی ژمارەی ڕاهێنەرانی شارەزا، ناوەندەکانی ڕاهێنان بەرنامەکانیان فراوانتر دەبێت و وەڵامی پەرەسەندنی خواست لەسەر کارامەیی پیشەیی جۆراوجۆر دەدەنەوە.

**خشتەی (٥): چوارچێوەی جێبەجێکردنی بەگرێبەستکردنی ڕاهێنەران**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کاتی پێویست | تێچووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| بەگرێبەستکردنی ڕاهێنەری پسپۆڕی کەرتی تایبەت و ڕێکخستنی خولی (ToT) | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | وەزارەتی دارایی، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، سەندیکای ئەندازیاران | کورتخایەن (٦ مانگ - ٢ ساڵ) | ناوەند |

**٥.٥. ئاسانکاری لەڕێگای ڕێنماییە کارگێڕییەکانەوە**

ڕێنماییە کارگێڕییەکان دەبێت ئاسانکاری بۆ داهێنان بکەن و نەرمی تەواوییان تێدابێت بۆ ڕێکخستنی ماوەی خول، پێوەرەکان و دیزاینکردنی پرۆگرامەکان بەپێی ئەو لێهاتووییانەی کە پێویستن بۆ پیشە جیاوازەکان. گۆڕانکاریش لەم ڕێنماییە کارگێڕییانە دەکرێت و ئاساییە، بەو پێیەی ئەمانە ڕێنمایین نەک یاسا، هەربۆیە دەتوانرێت پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، بەجۆرێک تواناکان سنووردار نەکەن و لەڕێگەیانەوە ناوەندەکانی ڕاهێنان بتوانن وەڵامی گۆڕانکاری و داواکاری بازاڕی کار و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بدەنەوە. لەوانە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی ڕێنماییەکان، بەتایبەتی ئەو مەرجەی کە هەموو خولەکانی ڕاهێنان دەبێت چل و پێنج ڕۆژ بخایەنێت. ماوەی خولەکە بەپێی ئەو لێهاتووییانەی کە پێویستن بۆ هەر پیشەیەک دیاری بکرێت نەک بە یەک کاتی ستاندارد. هەروەها ڕێکخستنی تەمەنی فێرخوازان (لە ئێستادا ١٨-٣٥ ساڵ) بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە دووبارە دەیانەوێت بچنەوە ناو کارەوە بەڵام تەمەنیان زیاترە لە تەمەنی دانراو.

**خشتەی (٦): چوارچێوەی جێبەجێکردنی ئاسانکاری کارگێڕی**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کاتی پێویست | تێچووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| هەموارکردنەوەی ڕێنمایی تایبەت بە تەمەن و ماوەی خول | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | لیژنەی یاسایی وەزارەت | کورتخایەن (٣ - ٦ مانگ) | کەم |

**٥.٦. دامەزراندنی میکانیزمی بەدواداچوون**

گواستنەوە لە ڕاهێنانەکانەوە بۆ فەراهەمکردنی کار بۆ دەرچووان دەبێت ببێتە ئەرکی سەرەکی ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی. بەجۆرێک پێویستە ئەم ناوەندانە میکانیزمێکی بەدواداچوونی تایبەت بە دەرچووانییان دابمەزرێنن، بۆ ئاگاداربوون لەوەی فێرخوازانیان دوای تەواوکردنی پرۆگرامەکانیان دەگەنە کوێ. ئەم سیستمە بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکات، کە بەرنامەکانی ڕاهێنان بە ئامانجەکانیان دەگەن یان نا و یارمەتیدەر دەبێت بۆ دیاریکردنی ئەو هۆکارانەی کە پشتگیری یان ڕێگری لە بەدەستهێنانی کار دەکەن. ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن دەکرێت بریتیبن لە ڕێنمایی پیشەیی، یارمەتیدان لە دانانی کاری سەربەخۆ و ئاسانکاری بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ خاوەنکاران و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت.

بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە، توێژینەوەکە پێشنیازی دروستکردنی سیستمێک دەکات، بە دروستکردنی داتایەکی دیجیتاڵیی لەیەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی. کە بریتیبێت لە خشتەی کاتیی بەدواداچوون (Tracking Timeline) بە چەند ئاستێک بەم جۆرە:

١. کۆکردنەوەی داتای سەرەتایی لە فێرخوازان لە ڕۆژی دەرچوونیان (ئاستی کارامەییان، ئامانج و دۆخی داراییان).

٢. بەدواداچوون لەدوای ٣ مانگ :هەڵسەنگاندن بۆ گەڕان بەدوای کار یان دەستپێکردنی پرۆژەی بچووک.

٣. بەدواداچوون لەدوای ٦ مانگ :زانینی ڕێژەی بەدەستهاتووی کار و هاوتابوونی کارامەییی ئەو تاکانە لەگەڵ ئەو کارەی دەستیان کەوتووە.

٤. بەدواداچوون لەدوای ١٢ مانگ :هەڵسەنگاندنی بەردەوامیی کارەکە، ئاستی داهات و گەشەی پیشەیی.

لە کۆتاییدا ئەنجامدانی ڕاپرسیی وەرزی لەگەڵ خاوەنکارانی کەرتی تایبەت کە کاریان داوە بە دەرچووانی ئەم ناوەندانە، بۆ پێوانەکردنی ئاستی کارامەیی و ڕەفتاری پیشەییی دەرچووان لە شوێنی کاردا.

جگە لە دەرفەتی دامەزراندنی کاری سەربەخۆ و دەستکەوتنی کار، پێویستە ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی پشتگیرییەکی دیکە دابین بکەن، بەو پێیەی دەکرێت زۆرێک لە فێرخوازان لێهاتووییان هەبێت بۆ دامەزراندنی کارێک بۆ خۆیان، بەڵام دەستیان بە سەرچاوە داراییەکان و زانیاری بازرگانی نەگات. هەربۆیە پێویستە بەرنامەکانی ڕاهێنان هەڵبستن بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک یارمەتی پلاندانانی بازرگانی، ڕێنماییکردن سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کارە بچووکەکان و پێدانی قەرز بە پرۆژەی بچووک. ئەویش بە هاوبەشی لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان تاوەکو ڕاستەوخۆ دەرچووانی سەنتەرەکان بپەیوەسرێن بە کەناڵەکانی دارایی. مەرجەکانی وەرگرتنی قەرز دابنرێت بە شێوەیەک تەواوکردنی سەرکەوتووانەی خولی پیشەییی و ئامادەکردنی پلانی کاری گونجاو و هەبوونی بڕوانامەی کارامەییی ببنە مەرجی سەرەکی پێدانی قەرز بۆ دانانی پرۆژە. دواتریش دابینکردنی ڕێنماییکاری بازرگانی بۆ ماوەی (٦) مانگی یەکەمی دەستپێکردنی پرۆژەکە، تاوەکو ڕێژەی سەرکەوتنی پرۆژەکە و گەڕانەوەی قەرزەکە بەرز ببێتەوە.

**خشتەی (٧): چوارچێوەی جێبەجێکردنی میکانیزمی بەدواداچوون**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کاتی پێویست | تێچووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| بەدواداچوون بۆ دەرچووان، بە بەدەستهێنانی کار یان دابینکردنی قەرز بۆ بەشێک لە دەرچووانی شایستە | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی | وەزارەتی دارایی، بانکە ئەهلی و حکومییەکان، کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆژیا | (١ - ٢ ساڵ) | ناوەند |

### ٥.٧. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی خوێندنی پیشەیی

گۆڕینی هەڵوێستی گشتی بەرانبەر بە خوێندنە پیشەییەکان بە تایبەت (ئامادەییە پیشەییەکان). پێویستە حکومەت، دامەزراوە پەروەردەیی، میدیا و خاوەنکارەکان پێکەوە کاربکەن بۆ پێشخستنی پەروەردەی پیشەیی لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی سەرکەوتنی دەرچووانی پیشەیی. لە هەمان کاتدا، ناوەندە پەروەردەییەکان پێویستە هانی خوێندکاران بدەن کە ڕێڕەوی پیشەیی هەڵبژێرن بە پشتبەستن بە بەرژەوەندی و توانا و دەرفەتەکانی بازاڕی کار نەک ڕوانگە کۆمەڵایەتییە نەرێنییەکان لەبارەیەوە. بە چالاککردنی یەکەکانی ڕێنوێنیی پیشەیی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان هەتاکو قۆناغی نۆی بنەڕەتی، بۆ دۆزینەوەی بەهرەی دەستی و تەکنیکیی فێرخوازان و گۆڕینی تێڕوانینی خێزانەکانیان بەرانبەر پیشەکان.

لەگەڵ ئەم هەنگاوانەشدا پێویستە بڕوانامە پیشەییەکان ببەسترێنەوە بە چوارچێوەی بڕوانامەکانی دیکە تاوەکو فێرخواز بزانێت بڕوانامەکەی لە ڕووی یاسایی و کارگێڕییەوە هاوتای بەهای بڕوانامە ئەکادیمییەکانە و ڕێگەی خوێندنی باڵاتری لێ ناگرێت.

**خشتەی (٨): چوارچێوەی جێبەجێکردنی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کاتی پێویست | تێچووی پێویست |
|---|---|---|---|---|
| ئەنجامدانی هەڵمەتی میدیایی و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی سەرکەوتن، لە هەمان کاتدا کاراکردنی ڕێنوێنی پیشەیی لە قوتابخانەکان و هاوتاکردنی بڕوانامەی پیشەیی بە بڕوانامە ئەکادیمییەکانی دیکە | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە | وەزارەتی ڕۆشنبیری و میدیاکان | بەردەوام کار و کاتی پێویستە | کەم و ناوەند |

### ٥.٨. ژیری دەستکرد وەک یارمەتیدەر

ئامادەکردنی ڕاهێنانی پیشـــەیی بۆ گۆڕانەکانی تەکنەلۆژیا و ژیری دەســـتکرد. گۆڕانکاری تەکنەلۆژی نابێت وەک ئاڵنگارییەک ســەیر بکرێت بەڵکو دەبێت وەک دەرفەتێک بۆ مۆدێرنکردنی خوێندنی پیشــەیی، باشــترکردنی کوالیتی ڕاهێنانەکان و زیادکردنی توانا بۆ کێبڕکێی هێزی کار ببینرێت. توێژینەوەکە پێشـــنیازی گونجانـدنی بەکارهێنانی کرداریی ئامرازەکانی ژیری دەســـتکرد لە پرۆگرامەکاندا دەکات. وەک تێکەڵکردنی بابەتەکانی پەیوەندیی دیجیتاڵیی پیشـــەیی، ئاســـایشـــیی ئەلیکترۆنیی و بەڕێوەبردنی دیجیتاڵیی داتا. بەکارهێنانی ئامرازەکانی AI بۆ دروســـتکردنی ناوەڕۆکی ڕیکلامی، نووسینی وەسفی بەرهەمەکان و بەڕێوەبردنی لاپەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆژە بچووکەکان. بەکارهێنانی سۆفتوێری دیجیتاڵیی ئاسان بۆ ڕێکخستنی کۆگا، خەمڵاندنی تێچووی کەرەستەی خاو و وەڵامدانەوەی خێرای کڕیاران بە ئامرازی ئۆتۆماتیکی.

**خشتەی (٩): چوارچێوەی جێبەجێکردنی ژیری دەستکرد لە ڕاهێنانەکاندا**

| کردار | دامەزراوەی سەرپەرشتیار | هاوبەشەکان | کـــاتـــی پێویست | تـێـچـووی پێویست |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| تێکهەڵکێشکردنی (کارامەییە دیجیتاڵییەکان و AI) لەناو تەواوی خولە پیشەیییەکاندا | وەزارەتـــی کـــار و کـــــاروبـــــاری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی پەروەردە | وەزارەتـــــــی خزمەتگوزارییە دیجیتـاڵییەکـان، کۆمپـانیـاکـانی بـــــــواری تەکـنەلـۆژیـا، زانکۆکان | (١ - ٢ ساڵ) | کەم |

### ٥.٩. لابردنی سنووری جوگرافی بەردەم ڕاهێنانەکان

دامەزراوەکانی ڕاهێنانی پیشەیی پێویستە هەوڵ بدەن بۆ فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی پیشەیی لە دەرەوەی شارەکان. ئەمەش پێویستە لەسەر بنەمای نەخشەی خواستی ئابوری (Economic Demand Mapping)و شیکاریی تێچوو-سوود (Cost-Benefit Analysis) بێت، تاوەکو دامەزراندنی سەنتەری نوێ یان ناردنی تیم بۆ ئەو ناوچانە بەفیڕۆدانی سەرچاوەکانی لێنەکەوێتەوە. هەربۆیە پێش کردنەوەی هەر خولێک لە دەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان، دەبێت سێ خاڵ جێبەجێبکرێت، ئەوانیش چڕیی دانیشتووان و ڕێژەی بێکاریی گەنجان لەو ناوچەیەدا، لەگەڵیدا ئەو چالاکییە ئابورییەی لەو ناوچەیەدا باڵادەستە (بە نموونە کشتوکاڵییە، پیشەسازییە یان گەشتیاری)، واتە پێداویستیی ڕاستەقینەی بازاڕی ناوخۆیی ناوچەکە بۆ کارامەیییەکان کامانەن. لەدوای جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە پێویستە بڕیار بدرێت بۆ کردنەوەی سەنتەر. هەڵبەت کردنەوەی سەنتەریش لە هەموو ناوچەیەک و دروستکردنی باڵەخانەی نوێ دەکرێت ئەستەم بێت یاخود تێچوو و پێداویستی زۆری بوێت، هەربۆیە توێژینەوەکە پێشنیازی ئەم سێ مۆدێلە ئابورییە دەکات لەبری دامەزراندنی سەنتەری نوێ.

**خشتەی (١٠): سێ مۆدێلی بەڕێوەبردنی تێچوو**

| مۆدێلی گەیاندن | شێوازی جێبەجێکردن |
|---|---|
| تیمی ڕاهێنانی گەڕۆک | ناردنی تیمی ڕاهێنەری پسپۆڕ بە کەلوپەلی پێویستەوە بۆ کردنەوەی خولی چڕ (٢ تا ٤ هەفتەیی) لەو ناوچانە. |
| مۆدێلی فێربوونی تێکەڵاو | خوێندنی بەشی تیۆری بە شێوەی ئۆنلاین، دواتریش وانە کردارییەکان لە کۆتایی هەفتەدا لە سەنتەری سەرەکی بخوێندرێت. بەم جۆرە تێچووی هاتوچۆ کەم دەبێتەوە و فێرخواز تەنها بۆ کاری کرداری و کاتی تاقیکردنەوەکان سەردانی سەنتەر دەکات. |
| دابینکردنی تێچووی هاتوچۆ | دابینکردنی پاس یاخود پێدانی هاوکاریی دارایی بۆ ئەو فێرخوازانەی لە ناوچە دوورەکانەوە دێن. بەمەش فێرخوازانی ناوچە دوورەکان بێبەش نابن لە ڕاهێنانەکان. |

### ٦. لۆژیکی جێبەجێکردن

بۆ گواستنەوەی چاکسازییەکان لە تیۆرییەوە بۆ جێبەجێکردنی کرداری لە واقعی هەرێمی کوردستاندا، پرۆسەی جێبەجێکردن بەپێی زنجیرەیەکی لۆژیکی سێ قۆناغی دابەش دەکرێت:

#### أ. قۆناغی یەکەم (٠ - ١٢ مانگ)

واژۆکردنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، ژوورەکانی بازرگانی و دامەزراوەکانی قەرزی بچووک بۆ ئاسانکارییکردنی ڕاهێنانی مەیدانی و دابینکردنی سەرمایە. لەگەڵ ئەمانەدا دەستپێکردنی بەرنامەی بەگرێبەستکردنی ڕاهێنەری پسپۆڕ لە کەرتی تایبەت لە سێ پارێزگا سەرەکییەکەدا.

#### ب. قۆناغی دووەم (١ - ٣ ساڵ )

چالاککردنی سیستمی دیجیتاڵیی بەدواداچوونی دەرچووان لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دەستپێکردنی تۆمارکردنی داتای دەرچووانی نوێ. هەروەها گۆڕینی پرۆگرامی کۆنی ناوەندەکان بۆ مۆدیۆلی لەسەر بنەمای توانستی ستاندارد، هەروەها گونجاندنی مۆدیۆلی دیجیتاڵی و ئامرازەکانی AI لە تەواوی خولەکانی ڕاهێنانی پیشەییدا. سەبارەت بە ڕاهێنەرانیش جێبەجێکردنی ڕاهێنانەکانی (ToT)، بەرکەوتنی مەیدانیی ڕاهێنەران بە کەرتی تایبەت و سیستمی گەشەپێدانی بەردەوامی پیشەیی.

#### ج. قۆناغی سێیەم (٣ - ٥ ساڵ )

یەکسانبوونی بڕوانامە پیشەییەکان لەگەڵ بڕوانامە ئەکادیمییەکان بە هاوکاریی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەروەردە بۆ نەهێشتنی ستیگمای کۆمەڵایەتی بەرانبەر خوێندنە پیشەییەکان. لەپاڵیدا کاراکردنی تەواوی تیمەکانی ڕاهێنانی گەڕۆک و مۆدێلی فێربوونی تێکەڵاو بۆ گەیاندنی ڕاهێنان بە تەواوی ناوچە دوورە دەستەکان.

**دەرئەنجام**

ئەم توێژینەوە ڕامیارییە لە ڕێگەی شـــیکاریی گفتوگۆی فۆکەس گروپی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، دەریخســـت کە ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشـــەیی لە هەرێمی کوردســـتان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاســـتەنگی جددی بوونەتەوە. ئەم کێشـــانەش تەنها لەناو ناوەندەکاندا کورت نەبووەتەوە، بەڵکو پەیوەســـتە بە ناتەبایی خولەکانیان لەگەڵ پێداویســـتییەکانی بازاڕی کار، نەبوونی پرۆگرامی ســـتاندارد، کەمیی ڕاهێنەری شـــارەزا، ڕێنمایییە کارگێڕییە دژەکان و تێڕوانینی نەرێنیی کۆمەڵایەتی بۆ پەروەردەی پیشـەیی. بۆ چارەسـەرکردنی ئەم ئاسـتەنگانە، توێژینەوەکە پاکێجێکی چاکسـازیی دەخاتەڕوو، کە پێویسـتە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی وەک دامەزراوەی سـەرپەرشـتیار، بە هاوبەشـــیی تەواو لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، دەســـتەی وەبەرهێنان، کەرتی تایبەت و ژووری بازرگانی جێبەجێ بکرێن. ئەم چاکسـازییە جەخت لەسـەر گۆڕینی سیسـتمەکەی ئێستا دەکاتەوە لە ڕاهێنانی کەم و کورتخایەنەوە بۆ سیستمێکی یەکگرتووی داڕێژراو بە ڕاهێنان لەسەر بنەمای توانست، تێکهەڵکێشکردنی ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد و داڕشتنی مۆدێلی تاقیکاری (Pilot) بۆ بەگرێبەستکردنی پسپۆڕانی کەرتی تایبەت وەک ڕاهێنەر لەم ناوەندانە.

بەو هۆیەی بەردەوام بوون لەســـەر هەمان کاری ئێســـتا و ئەنجام نەدانی چاکســـازیی، دەبێتە هۆی بەهەدەردانی بەردەوامی سەرچاوە داراییە گشتییەکان بۆ خولێک کە کارامەییی بەسوود بۆ بازاڕی کار دەستەبەر ناکات. هەروەها ڕێژەی بێکاریی گەنجان و دەرچووانی زانکۆ لە ئاسـتی خۆیدا دەمێنێتەوە، کە ئەمەش بێهیوایی و نامۆبوون و کۆچی گەنجان زیاد دەکات. هاوکات، کەرتی تایبەت و کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان ناچار دەبن پشـتبەسـتنی خۆیان بە هێزی کـاری بیـانیی زیـاتر بکەن بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییە تەکنیکییەکـان، کە ئەمەش دەبێتە هۆی چوونە دەرەوەی بەردەوامی دراو لە هەرێم.

لە بەرانبەردا، جێبەجێکردنی ئەم ڕێگاچارانە بە شـــێوازێکی قۆناغ بە قۆناغ، نەخشـــەڕێگەیەکی ڕوون بۆ گەشـــەی بەردەوام دەسـتەبەر دەکات و وەک ئامانجی کورتخایەن هەتا ساڵی (٢٠٢٧)، بە کاراکردنی سیسـتمی بەدواداچوونی دەرچووان و جێبەجێکردنی مۆدێلی بەگرێبەســـتکردنی ڕاهێنەرانی کەرتی تایبەت، ڕێژەی بەکارخســـتنی دەرچووانی ناوەندەکان بەرز دەبێتەوە و هـاوبەشـــیی فەرمی لەگەڵ دامەزراوە داراییەکان بۆ قەرزی بچووک جێگیر دەبێت. هەروەها ئامانجی درێژخایەن هەتا ساڵی (٢٠٣٠)، بە گشتگیرکردنی چوارچێوەی بڕوانامە پیشەیییەکان و گەیشتنی ڕاهێنـانەکـان بۆ نـاوچەی جوگرافی دوورتر، بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕەزامەنـدیی خـاوەنکـاران بە دەرچووان. بەم جۆرە

ڕاهێنانی پیشـەیی دەبێتە بنەمای سـەرەکی بۆ دابینکردنی هێزی کاری ناوخۆیی کارامە و کەمبوونەوەی پشتبەستن بە کارمەندی بیانی و ئامادەکردنی ئابوریی هەرێم بۆ گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییە خێراکان.

**سەرچاوەکان**


1. ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ســاڵی ٢٠١٣: تایبەت بە ڕێککاری کردنەوەی ســەنتەرەکانی ڕاهێنانی پیشــەیی بۆ کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
2. ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١١: تایبەت بە سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان.
3. دەستەی ئاماری هەرێم، 2022 ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2021

4. Aldossari, A. S. (2020). Vision 2030 and reducing the stigma of vocational and technical training among Saudi Arabian students. *Empirical Research in Vocational Education and Training*, 12(3), 1–17.

5. Cedefop. (2019). *2018 European skills index* (Cedefop Reference Series, No. 111). Publications Office of the European Union.

6. International Labour Organization [ILO]. (2022). *Greening TVET and skills development: A practical guidance tool*. International Labour Office.

7. OECD. (2021). *OECD skills outlook 2021: Learning for life*. OECD Publishing.

8. Oranga, J., & Matere, A. (2023). Qualitative research: Essence, types and advantages. *Open Access Library Journal*, 10(7), 1–13.

**پاشکۆی ژمارە (١)**

**پێکهاتەی بەشداربووانی فۆکەس گرووپ**

| ژمارەی بەشداربوو | دامەزراوەی کارکردن | پلەی کارکردن |
|---|---|---|
| پێنج | وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی/ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ڕاهێنانی پیشەیی | بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەری سەنتەر، ڕاهێنەر |
| هەشت | سەنتەری پەرەپێدانی کاری زانکۆکان (CDC) دامەزراوە پەروەردەییەکان | بەڕێوەبەری سەنتەر، مامۆستای زانکۆ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی |
| سێ | بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران<br>بەڕێوەبەرایەتی قەرزی بچووک<br>بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی | بەڕێوەبەر و فەرمانبەران |
| سێ | ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نێودەوڵەتییەکان | بەڕێوەبەری پرۆژە |
| دوو | ژووری بازرگانی<br>سەندیکای کرێکاران | نوێنەرانیان |
| چوار | کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت<br>دەرچووانی خولەکانی ڕاهێنانی پیشەیی | بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان، خاوەن کارگە/کۆمپانیا<br>دەرچووی خولی پیشەیی (خاوەن پرۆژە) |

**دەربارەی دامەزراوەی ڤیژن**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی دامەزراوەیەکی سەربەخۆی توێژینەوەیی و کە ئامانجی بەرهەمهێنانی توێژینەوەی پشتبەستوو بە بەڵگە و شیکاری ستراتیجی بۆ عێراق وهەرێمی کوردستان